# پشتیوانی لە براکەت بکە ئەگەر ستەمکار یان ستەملێکراو بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پشتیوانی لە براکەت بکە ئەگەر ستەمکار یان ستەملێکراو بێت»، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەبێت پشتیوانی بم وسەری بخەم کاتێک ستەمی لێدەکرێت، ئەی ئەگەر ستەمکار بێت چۆن پشتیوانی بم؟ ئەویش فەرمووی: «ڕێگری لێدەکەیت لەوەی ستەم بکات، ئەمە پشتیوانی کردنێتی».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پشتیوانی لە براکەت بکە وسەری بخە وسەرشۆڕی مەکە ئەگەر ستەملێکراو یان ستەمکار بێت. پیاوێک ووتی: پشتیوانی لێدەکەم کاتێک ستەملێکراوە ئەمیش بە لابردنی ودوورخستنەوەی ستەمەکە؛ ئەی چۆن پشتیوانی لێبکەم کاتێک ستەم دەکات؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ڕێگری لێدەکەیت لەوەی ستەم لە خەڵکی تر بکات (ئینجا بە هەر شێوەیەک بێت کە زیانی زیاتر ڕوونەدات)؛ ئەمە لە پشتیوانیکردنێتی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee